بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆک

بەناوی گەلەوە

# بڕیار
# ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠١٥

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوە، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٥) لە ١٦/ ٦/٢٠١٥ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٥
## یاسای ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ لەهەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی (١):**

کار نەکردن بە حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق درێژ دەکرێتەوە، بۆ ماوەی یەك ساڵ تا ڕۆژی ١٥/٧/٢٠١٦.

**ماددەی (٢):**

بڕیاری ژمارە (٢٢٠)ی ساڵی ٢٠٠١ هەڵدەوشێتەوە.

**ماددەی (٣):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٤):**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) بلاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٢٠١٥/٦/٢٤**

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

تا کاتی چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە بەکرێدان و، دەرکردنی یاسایەکی گشتگیر کە سەرجەمی یاسا و بڕیارەکانی ئەم بوارە لەخۆ بگرێت، ئەم یاسایە دەرکرا.